سەید حەکیم لەگەڵ شاندی فڕاکسیۆنی تەقەدوم لێک تێگەیشتنی نیشتمانی و پاڵپشتی بەرنامەی حکومی واقعی دووپات دەکاتەوە

بەڕێز سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی رۆژی 6ی کانوونی دووەم پێشوازی لەشاندێکی فراکسیۆنی تەقەدوم کرد کە بەسەرۆکایەتی محەمەد تەمیم بوو، ئەوەش لە میانەی گفتوگۆکردن لەگەڵ هێزە سیاسییەکان و ئاڵوگۆر کردنی بیروبۆچوون سەبارەت بە پێشهاتەکانی دۆخی سیاسی عیراق و شایستەکانی داهاتوو.

لەم دیدارە، دووپات کرایەوە کە ئەنجومەنی نوێنەران سەرکەوتوو بوو لە هەڵبژاردنی سەرۆک و هەردوو جێگر لەگاتێکدا هێزە سیاسییەکان حەیان ئامادەن دەکەن بۆ یەکلایی کردنەوەی شایستەکانی دیکە بەپێی ڕێرەوێک کە پشت بە لێک تێگەیشتن و هاوبەشی و زاڵکردنی بەرژەوەندی گشتی دەڕوات.

سەید حەکیم جەختی لەوە کردەوە کە دەبێت بەرنامەی حکومەت بەرنامەیەکی واقیعیانە بێت و لەسەر بنەمای ئەولەویاتی ڕاستەقینە و لەلایەن هێزە سیاسییەکانی پێکهێنەری حکومەتەوە پشتیوانی لێبکرێت، ئەوەش بەشێوەیەک کە توانای دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامەکان و بەدیهێنانی خواستەکانی هاوڵاتیان زامن بکات...

لەکۆتاییدا سەید حەکیم جەختی لەسەر گرنگی بەردەوامبوونی سەقامگیری لە عێراق لەسەر ئاستەکانی سیاسی و ئەمنی و کۆمەلایەتی کرد و ئاماژەی کرد کە عیراق ئیستا خاڵی ئەرێنی زۆری تێدا کۆدەبێتەوە وێرای چەندین ڕکابەری، قۆناغی داهاتووش پێویستی بەوەیە بەردەوام بین بۆ ئەوەی سەقامگیری ئێستا هەیە بۆ سەقامگیرییەکی هەمیشەیی بگۆڕین بۆ ئەوەی خزمەتی ولات و کۆمەڵگە بکات.